# ئەرێ برا ئەوە سەرۆك كۆماری ئێراق كوردە.....؟؟

**يوسف.ا.مەنتك**

سالانێكی زۆر خەباتت دەكردو بانگەشەی كوردایەتیت دەكرد,سەری زمانو بنی زمانت رزگاركردنی كەركوكی قودسی كوردستان بوو,سەرجەم ووتارەكانت پڕ لە بەلێنو پەیمان بۆ بە دیهێنانی مافی نەتەوەیی وكولتوری ودیموكراسی وسەر بەخۆی ومافی مرۆڤ بو. بەرێزتان وەكو نوێنەرو هەلبژێردراوی نەتەوەی كورد بوویت بە سەرۆك كۆماری ئێراق,لە رۆژی رێ ورەسمی وەرگرتنی پۆستی سەرۆك كۆماری هەر وەك وەفاداری و رێزلێنان بۆ گەلی كوردو قوربانیانی ,وەكو رۆژێكی مێژوویی ,بە بەر چاوی كامێرای كەنالەكانی راگەیاندنی جیهان ,جل وبەرگی كوردی و كلاو جەمەدانیت لە بەر كردبا,جگە لەمەش بە رێزتان بۆ بە جل و بەرگی كوردی لە كۆشكی كۆماری دەوام ناكەن,ترسی ئەوەت هەیە عەرەبە رەگەزپەرستەكان تورەبن وقەبوولیان نەبێت بەم جل وبەرگە كوردیە دەوام بكەیت . لە یاسای ئیدارەی دەولەتی ئێراق دا هاتووە ,كوردو عەرەب دوو نەتەوەی سەرەكین لە ئێراقی دیموكراسی وفیدرال دا, بۆ غازی یاوەر شانازی بەم شا ل و عەگالە دەكاتو زۆر لەوولاتانی جیهانیش گەڕا هەر بەم چەفیەو عەگالە,حامید كارزای سەرۆكی ئەفغانستان هەر لە یەكەم رۆژی دەست بە كار بونیەوە تا رۆژی ئەم رۆ بەم جل و بەرگە ی كە كولتووری ئەفغانستانەبۆ زۆر بەی وولاتانی جیهانیش سەفەری كردووە ,زۆر لە سەرۆ كەكانی تری عەرەب و نەتەوەكانی تری جیهانیش بە هەمان دەستور شانازی بە كولتوورەكانیان دەكەن .

بەلام تۆ ش ئەم جارە یان ئە گەر سەردانی وولاتانی دەرەوەت كرد بە تایبەتی ,توركیا وئێران و سوریە كە بە رێزتان دۆستێكی دێرینی ئەم دراوسێیانەی پەیوەندیەكی مێژوویی وهاو خەباتیش هە بووە لە نێوانتان دا.

ئەگەر هەر ناش جار نا جار لە بۆنەو مناسەبات دا ئەم جل وبەرگە كوردیانە بكە بەرت تا ماوە ی سەرۆكایەتیەكەت ماوە.

سەر جەم نوێنەرانی كورد لە ئە نجو مەنی نیشتمانی ئێراق سەر جەم وەزیرو لێپرسراوانی كورد لە بەغدا بە بەر چاویانەوە سەر بە عەگال و دشداشە لەبەر دەوام دەكەن, بەلام نوێنەرانی كورد جەسارەتی ئەوە ناكەن بە جل و بەرگی كوردی دەوا بكەن جگە لە هەندێك جار یەك دوو كەس ئەویش جارو بار .

وە ئە گەر ترسی ئەوەشتان هەیە كورسیە كانتان لە دەست بدەن یا لێ پرسینەوەتان لەگەل بكەن لە بەر ئەوەی كە بە كوردی قسە دەكەن و جلی كوردی دەكەنە بەر,ئەی ئێوە ئێراقێكی دیموكراس و فیدرال بنیات نانێن؟

دوای ئەم هەموو سال خەبات و ژیان لە شا خ و ئاوارەیی وولاتان نازانم چی وای كرد ,جەنابی سەرۆك كۆمار ببێتەعێراقچیێكی مۆدێرنی عە یار( 24) وا دیارە تا ئێستاش دوو دل و بە گوومانن لە برایەتیتان لەگەل عەرەبی ئێراقی یا بە گوومانن لە هاوبەشیتان لە پێك هێنانی حكومەتی ئێراقی بە ناو دیموكراسی,هەر لە بەر ئە وەشە جلی كوردی ناكەیتە بەرت,نە بادا سەرانی عەرەب گومان بكەوێتە دلیانەوە لە دلسۆزیت بۆیان.

دوای شكستی شۆرشی شێخ سەعیدی پیران و لە سێدارە دانی شێخ سەعید,توركەكان ئە نجومەنێكیان پێك هێنا بۆ كۆنترۆل كردنی ئیش و كارەكان,یە كێك لەم كارانە ڕا پەرینی كورد بو,ئەم كارەشیان بە كەسایەتیەكی كوردی دیارو دەست رۆیشتوو سپارد ئەویش ( حەسەن خەیری ) بوو بۆ هێوركردنەوەی كوردەكان لە سەردەمی ڕاپەڕین تا ڕق و تورەیی خەلك دا بمركێنێتەوە ,ئەم حەسەن خەیریە سەر بە توركە كەمالیستەكان بوو,ئاسایی بوو نوێنەری كورد بە جلو بەرگی كوردی ئامادەی دانیشتنە كانی پەر لە مان بێت ودوواتر لە سێدارە یاندا بە تۆمەتی ئەوەی جل وبەرگی كوردی پۆشیوەو بەم جل و بەرگانە پڕو پاگەندەی بۆ كورد كردووە,لە دادگادا (حەسەن خەیری)زۆر هەولی دا قەناعەت بە داوەرەكەی بێنێ بەلام نەی توانی,حەسەن خەیری گوتبوی كەمال ئەتاتورك پێ ی نەوتوم ئەم جلانە قەدەغەیە,دوا جار كەزانی هیچ شتێك دادی نادا گوتی ئەم جلانەم بە فەرمانی ئەتاتورك بو بۆ ئەوەی ئەم كارانە ڕاگرم كە جلە كانی ئێوە نەیانتوانی ڕایانبگرن.لەگەل ئەوەش حەسەن خەیری وەكو دلسۆزێكی ئەتاتورك نامەیەكی بۆ كۆنگرەی لۆزان نوسیبوو كە كوردەكان نایانەوێ لە توركیا جیا ببنەوە,بەلام دادگا حوكمی لەسێدارەدانی بۆ دەركرد ,دواتر

**حەسەن خەیری کە زانی ئیتر هیوای بەژیان نەما گوتبوی ئێستا بەگەلتان دەکەوم ئەی قوربانیە کانی کردستان لە نیوە ڕۆیەکدا لە گەل کۆ مەلێك خەلکی تر لە سێدارەیان دان.**

**بەلام ئێوە ترسی چیتان هەیە نوێنەرانی کورد لە بەغدا, ئێوە خۆتان داوای ئێراقێکی دیموکراتو فیدرال دەکەن,هاو بە شە کانتان لە حکومەت سوێندە یاساییە کەشیان بە تەواوەتی نە خوارد کە باوەڕیان پێی نیە,دە ئێوەش ئاوڕێك لە مێژووی ڕابردوی گە لە کەمان بدەنەوە و لا پەڕەکان هەلدەنەوە بۆ ئەوەی دەرس و پەندی لێ وەر گرن.**

2005/05/25